# دادگای فیدراڵی دەستووری بوونی بڕگەیەکی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو پووچەڵ دەکاتەوە



دادگای فیدراڵی عێراق دەڵێت، بڕگەی هەشتەم لە ماددەی ٣٥ی یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ نا دەستوورییە.

ئەمڕۆ دووشەممە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ماددەی ٣٥ لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو نادەستوورییە.

هەروەها، لە ماددەی ٣٥ی یاساکەدا هاتووە، بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت مافی مووچەی خانەنشینیان بەشێوەیەکە لە ڕێژەی ٨٠٪ی کۆی کۆتا مووچە و دەرماڵەکانیان تێپەڕنەکات.